سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران کۆبووەوە

2024/5/7 لە چوارچێوەی بەرنامەی سەردانەکەیدا بۆ تاران، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ سێشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز جەنەرال حسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییەکانی ئێرانیان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری ئەمنیدا تاوتوێ کرد. هەردوولا جەختیان لە گرنگیی پتەوکردنی زیاتری هاریکاری و هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستاندا کردەوە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامیی سنوورەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئەمنییەکان لە هەرلایەکەوە بێت.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کاریگەری و لێکەوتەکانی شەڕ و پێکدادانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر دۆخی ناوچەکە تاوتوێ کرد. لەمبارەیەوە هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ هەمووان لەپێناو پاراستنی سەقامگیریدا کار بکەن و ڕێگە نەدرێت

ئا□□زییە□کان زیاتر تە□شە□نە□ بکە□ن.

هاوکاری و هە□ماهە□نگیی ئە□منی و سە□ربازیی هە□ول□ر ـ بە□غدا، بە□رە□نگاربوونە□وە□ی هە□□ە□شە□ و مە□ترسییە□کانی تیر□ر و چە□ند پرس□کی ج□ی بایە□خی هاوبە□ش، لایە□ن□کی دیکە□ی ک□بوونە□وە□کە□ بوو.